سەماحەتی حەکیم داوای ئەکتیڤکردنی لایەنی ئابووری ڕێکەوتنامەی ستراتیجی عێراق و نەتەوە یەکگرتوەکانی ئەمریکای کرد

لە شەوێکی عێراقیدا کە چەندین پیاوانی کار و بیزنیسی عیراقی و ئەمریکی لەخۆو گرتبوو، کە دوێنێ چوارشەممە بەرواری 14-6-2023 بە ئامادەبوونی بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ئەوتی حیکمەی نیشتمانی ئینجامدرا، سەماحەتی سەرۆتا پێشوازی و بەخێرهاتنی میوانانی کرد و دوای ئەوەی گوێبیستی قسەکانی هەردوولا بوو، گوتی هاتنی ئەو هەموو میوانە بەو سەنگەی هەیانە پەیامێکی گرنگە بە هەماهەنگی و هاوکاری ئابووری نێوان هەردوو وڵاتدا، گوتیشی ڕێکەوتنامەی ستراتیجی نێوان بەغدا و واشنتۆن تەنها هەردوو لایەنی سەربازی و ئەمنی لە جەبەجەکراوە، بەیە پەویستە لەمەولا لایەنی ئابووریش ئەکتیڤ بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەو سەقامگیرییەی پێشتر عێراق بەخەیاوە نەبینیوە زەر زەمینەی خۆشکردوە بە ئەوەی لایەنی ئابووری ئەکتیڤ بکرێت.

سەماحەتی ڕوونی کردەوە، کە حکومەت پالپشتی هاوپەیمانەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی لەپشت و ئەو هاوپەیمانەتیەش ناونیشانێکی نیشتمانی هەیە، هەروەها بەرقەرار بوونی بودجە بە سە سال وا دەکات جووڵەیەکی باش پەیدا بێت و پەژەکان بەکار دەخاتەوە و ڕەلی عێراقی لەناوچەکە ئاماژە پێدا بەتایبەتی ڕەی لە نزیککردنەوەی بەچوونی نەیارە سیاسییەکانی ناوچەکە وەك لەوەی لەنێوان سعوودیە و ئێران ڕوویدا.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە، کە عێراق کێشەی زەری هەیە، بەڵام ئەوەی ئەو قەناعەی جیاکردوەتەوە ئەویە کە ئیرادەیەکی زەر هەیە بە ئەوەی ئەو کێشانە چارەسەر بکرێت و تیشك بخرێتە سەر خاڵی بەهێز تا بە بەرژەوەندی وڵات بقەسترێتەوە، لەڕە پێگە و شوێن و قوولایی شارستانیەت ڕەلی هەیە، هەروەها داوای کرد کرانەوە بەرامبەر حکومەتی ئیتحادی و ناوخەیی و کەرتی تایبەت و پیاوانی کار و بیزنیسی عێراقی هەبێت.

سەماحەتی باسی سروشتی دیدی ئابووری کرد کەدەستووری عێراقی نەخشەی بە کێشاوە و داوای کرد عێراق هاوکاری بکرێت بە ئەوەی بەرەو کەرتی تایبەت هەنگاو بنێت و ئەوەش بکرێتە کلتوور ، هەروەها جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی سیستەمی بانك چارەسەر بکرێت و و هاوکاری لەووی وزە و غاز و تەکنەلەژیا و زیرەکی دەستکرد و ئەو بابەتانە هەبێت.